## بێ شوێنی ژنانی هەڕەشەلێکراو، تاکەی؟

# فەرهاد عەزیز بەگ "تا ئێستا یەک سەعات ژنم پەنا نەداوەو پەناشی نادەم"

**ئا/ کەلسوم موراد**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەکوردستان، بەتایبەتی کێشەی ژنانو کچان بەپێی ئاماری هەندێ لایەنی پەیوەندیداری وەك سەنتەرو ڕێکخراوەکانی ژنان ئاماژەی پێ ئەدەن روو لەزیادبونە، ئەگەرچی فەزای کرانەوەو ئازادی سیاسیو رادەربرین کەم تا زۆر بونی هەیە، دواجار دەرئەنجامی ئەم کرانەوەیە لەسەر کۆمەڵگەی کوردیو دروست بوونی کۆمەڵەو ڕێکخراوە مرۆییو مەدەنیەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو ژنانی بەلای خۆیدا راکێشاوەو لەسوچی ماڵەکانەوەو سەر مێزی فەرمانگەکان هێناوەتە ناو کاری مەدەنیو مرۆیی، وەك سەرەتایەك بۆ سەلماندنی بوونی خۆیانو دەستەبەرکردنی مافەکانیان، هەروەها دەرچوونی بڕیاری ٩٥ بۆ قەدەغەکردنی فرەژنیو ٦٢ بۆ ڕێگرتن لەکوشتنی ژنان، دواجار بەهەوڵی ڕێکخراوەکانی ژنانو کەسانی چالاکی بواری ژنان توانرا چەند خانەو ماڵێك دابمەزرێنن لەسلێمانیو هەولێر، بۆ پاراستنی گیانی ئەو ژنو کچانەی هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێت لەلایەن کەسوکاریانەوە، بەهۆی کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەڵام ئەم جۆرە خانەو ماڵانە لەگەڵ گرنگیان لەسنوری شارەکان تێنەپەڕیوە، لەکاتێکدا لەدەوروبەری شارێکی وەك سلێمانی چەندین شارۆچکەو قەزاو ناحیەی لێیە وەک سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان ئاماژەی پێدەدات، زۆرترینو ئاڵۆزترین ئەو کێشانە لەو شارۆچکەو گوندانە بەدی دەکرێت، بۆ نمونە رانیەو حاجی ئاوا، سەروچاوە، کەچی تاکو ئێستا لەو جۆرە خانەیەیان تێدانیە.

فەرهاد عەزیز بەگ لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی رانیە لەسەرخۆو بەوردی لەکێشەکە دواو بەپێویستی دەزانی دامەزراندنی ماڵێك بۆ داڵدەدانی ئەو ژنو کچانەی دوچاری توندوتیژیو مەترسی کوشتن دەبنەوەو پێی وایە کە پشدەرو بیتوێن ناوچەیەکی عەشائیرەو هەتا ئێستا باوك قبوڵی نیە کچەکەی لەگەڵ کوڕێك قسە بکات، لەکاتێکدا کە روبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبنەوە کێشەی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

فەرهاد بەسەرسامیەوە هێمای بۆ حاڵەتێك کردو وتی "هەندێ جار کوڕو کچێکیان بینوە پێکەوە قسەیان کردووە، باوکەکە یان برای کچەکە هەڕەشەی کوشتیان لەکچەکە کردووە". بۆیە ئەو بوونی شوێنێك یان پەنایەك بۆ ژنانو پاراستنیان بەکارێکی باشو پێویست ئەزانێ، هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەرچی لەرانیە روداوی زۆر رووئەدات، بەڵام "مەرجیش نیە کێشەکان بەتەنها لەسنوری رانیەو دەوروبەری بێت، ئێمە لەپشدەرو ئێرانو دەوروبەری سۆرانو کەرکوکیشەوە کێشەمان بۆ دێت".

فەرهاد لەرونکردنەوەی میکانیزمی بەڕێوەبردنی کێشەکانی ژنان کە روو دەکەنە بنکەکەیان باسی لەوە کرد کە لەسنوری هەر ناوچەیەك بنکەیەکی پۆلیسی تێدایەو لەو بنکەیەش سنوری ئیدارەی ناحیەکە هەموو دەعوایەك لەو بنکەیە وەردەگیرێ، راستەوخۆ ئەو بنکەیە ئەوراقی بۆ ئەکاتەوەو ئەینێرێ بۆ دادگا، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ڕێژەیەکی زۆری کێشەکانی ناوچەکەیان لەقەڵادزەوە بۆ دێت بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی قەڵادزەو سەنگەسەر.

**پێویستە لەسەر حکومەت خانەیەکی تایبەتی لەو ناوچانە بکاتەوەو بەسەرپەرشتی حکومەت بێت و کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەنزیکەوە چاودێری ئەو ژنانە بکەن و رەچاوی گۆڕانکاریو بارە دەرونیەکانی ئەو حاڵەتانە بکەن**

دواتر باسی لەوە کرد کە هەندێ ناحیە هەیە لەمانگێکدا ئەوراقی نیە واتە کێشەی نیە، بەڵام بنکەی قەڵادزە مانگی وا هەبووە سەرو ٧٠ کیشەی هەبوەو کاتێکیش کێشە رویان تێدەکات راستەوخۆ دادوەری لێ ئاگادار دەکەنەوە "حاڵەت هەیە ترسناکە، بەڵام کەسێك نیە مودەعی بێت لەسەر کێشەکە، بۆیە ناتوانین ئەوراقی بۆ بکەینەوە لەخۆمانەوەو بڵێین ئەو کێشەیە تایبەتە بەتۆ".

فەرهاد درێژە بەقسەکانی دەداتو باسی لەوە دەکرد کە لەگەڵ نەبوونی خانەیەك بۆ پاراستنی ئەو ژنانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە، بەڵام لەگەڵ پەنابردنیان بۆ دەزگاکانی پۆلیس لەوێ ژیانیان دەپارێزێت، چونکە کە کێشەیەکی خێزانی یان کۆمەڵایەتی بێت ئەوە دادوەر بەئاسانی نایداتەوە بنەماڵەکەی، بەڵام گەر خودی ئافرەتەکە ئارەزووی هەبوبێت بۆ گەڕانەوە بۆ ناو کەسوکاری ئەوە دادوەر (تعهد) یێك بەکەسوکاری پڕ ئەکاتەوەو دواجار دەیداتەوە کەسوکاری، بەڵام گەر ژنێك متمانەی بەکەسوکاری نەبێت ئەوا ئەوان وەکو بنکەی پۆلیس ناتوانن بیدەنە هیچ ڕێکخراوێك، لەبەرامبەردا داواکە دەخەنە بەردەم دادوەر ئەو بڕیاری لێ دەدات.

فەرهاد ئەم وردەکارییە دەگێڕێتەوە بۆ "ئەو کێشەیە لەئێمە بەرپرسیارە، کێ ئەڵێ لەو بەینەدا هەتا دەگاتە سەنتەر یان یەکێتی ژنان سەیارەکەیان وەرناگەڕێو ئەو کات ئەو بنکەیە روبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە".

بۆیە لەم جۆرە حاڵەتانە فەرهاد پێی وایە پێویستە رەزامەندی دادوەرو حاڵەتەکە وەربگیرێت بۆ ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە بنکەکانی پۆلیسەوە بۆ ڕێکخراوەکان، ئەمیر مینە ئیسماعیل لەئاسایشی سەروچاوە بەپێچەوانەوە پێی باشە گواستنەوەی کێشەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان "هەندێ حاڵەت رووMان تێدەکات، ئێمەش لایەنی پەیوەندیداری وەك سەنتەری روناکبیری ژنان لەسلێمانی ئاگادار دەکەینەوەو یان رەوانەی پۆلیسی دەکەین". ئەم هەڵوێستەی ئەمیر مینە لەوەوە هاتووە کە ئەوان وەکو پاراستنی ئاسایشی سنورەکە کاردەکەن، کێشە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر روبەڕووی پۆلیس دەبنەوە. زۆربەی بۆچونەکانی پۆلیسو ئاسایش لەم ناوچانە وەك لەقسەکانیاندا هاتووە هاوڕاو هاودەنگن کە ناوچەکە تا سەرئێسقان لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان گلاوە بەتایبەتی کێشەی کچانو ژنان، بۆیە نەبوونی پەناگەیەك بۆ پاراستنی گیانی ئەو حاڵەتانەی مەترسی کوشتنی لەسەرە، ئەنجامێکی خراپو زیانبەخشی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی کێشەی ژنان، کە هەریەك لەئەمیر مینەو عەلی بابەکر لێپرسراوی بنکەی ئاسایشی حاجیاوە پێیان وایە راستە کێشەی کچانیش هەیەو ئاشکرایە، بەڵام کێشەکان زیاتر هی ژنانی خاوەن مێردە بەحوکمی کێشەی لەگەڵ مێردەکەی یان لەگەڵ شوبراو ماڵی خەزورانی.

لەبەرامبەردا فەرهاد عەزیز بەگ لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی رانیە پێی وایە کە کێشەی کچان لەرانیە لەکێشەی ژنان زیاترە.

لەپێناو پاراستنی گیانی ئەو ژنانەو چارەسەرکردنی کێشەکەیان و بێ شوێنی گونجاو وایکردووە هەندێ لێپرسراوی ئەو بنکانە ئەو ژنانە لەماڵەکانی خۆیان داڵدە بدەن، عەلی بابەکر ئەم کارەی پێ باشە، بە ڕێگەچارەیەکی کاتی دایدەنێ"هەندێ جار ماڵی دۆستو برادەری خۆمان بەکارهێناوە بۆ حەوانەوەی ئەو ژنانەی مەترسی کوشتنیان لەسەربووە، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی تاکو سەرووی خۆمانمان لێ ئاگادار کردۆتەوە"، ئەمیر مینە ئەم رەفتارە بە چارەسەر دانانێو دەڵێت "لەوانەیە زۆرجار کۆنترۆڵی تەواومان بەسەر وەزعەکەدا نەبێ تاکو گیانیان پارێزراو بێت".

ناوبراو باسی لەوە دەکرد کە زۆرجار کێشەکە لەبارودخێکی نالەبار رووی تێکردون، ئەم ناچاربووە ژنەکە لەماڵەکەی خۆی داڵدە بداتو یان لەماڵی کەسایەتیەکی متمانەپێکراو دایبنابێت.

هەر لەم رووەوە فەرهاد عەزیز بەگ دەڵێت "نە ماڵی خۆمو نە هیچ برادەرێك بۆ ئەم مەبەستە بەکارناهێنم، تا ئێستا یەك سەعات ژنم پەنا نەداوەو پەناشی نادەم".

بەبۆچوونی فەرهاد ماڵ بەشوێنێکی باش دانانێت، چونکە هەریەکێك چ ژن یان پیاو کە روبەڕووی هەڕەشەو ترس دەبێتەوە پەنا دەباتە ئەو ماڵە لەوێ هەست بەناڕەحەتیەکی دەرونی زۆر ئەکات، چونکە بێگومان ئازاد نیە لەزۆر رووەوە.

ئەمە لەکاتێکدا وەك فەرهاد دەڵێت "خەڵکی بێ ویژدان هەیە لەوانەیە بەڕاستی ئیستیغلالی ئەو وەزعە بکات، بۆیە جارێکی تر پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە پێویستە سەنتەرێك لەبیتوێنو پشدەرو هەموو شارەکانی کوردستان هەبێت".

لەگەڵ ئەمەشدا ناوبراو بەناچاری هەندێ جار ئەو ژنانەی ناردۆتە ماڵی کەسایەتیەکانی رانیە ئەگەرچی وەك خۆی دەڵێت "بنکەی پۆلیسی رانیە بەندیخانەی تێدایە، بەڵام هیچ سیفەتێکی بەندیخانەی نیە، و بەهیچ شێوەیەك بۆ ئافرەت ناگونجێت".

بۆیە ئەو جەخت دەکاتەوە کە ناوچەکە فراوانەو "پێویستە لەسەر حکومەت خانەیەکی ژنان بکاتەوەو بەسەرپەرشتی حکومەت بێت، هەروەها بەندیخانەیەکی گەورە بۆ ئەوەی شوێنی ئافرەتانو شوێنی مێردمنداڵی تێدابێت".

هەموو ئەو بەرپرسانەی لەم کێشەیە دوان باسیان لەوە دەکرد کە لەگەڵ ئاڵۆزی هەندێ کێشەی ژنانو کچان، بەڵام تاکو ئێستا ئەوان لەو بنکانەی خۆیاندا دوچاری حاڵەتێکی وەها نەبوونەتەوە کە لەبەر بێ شوێنی ژنەکە کوژرابێت، بەڵام روناك فەرەج سەرنوسەری رۆژنامەی (رێوان)، بەپێی سەرقاڵییان وەکو سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان بە زۆربەی ئەو کێشانەی لەو ناوچەیەوە دەنێردرێتە سەنتەرەکەیان بۆچونێکی جیاوازی هەیە پێی وایە گەر شوێنێکی تایبەت هەبوایە، کێشەکان ساناتر چارەسەر دەکران، بەڵگەشی بۆ ئەمە حاڵەتێکە کە لەساڵی ٢٠٠٤ دایكو کچێك روو ئەکەنە سەنتەرەکەیان، لەترسی هەڕەشەی کوشتن لەلایەن برای کچەکەوە، کە پێشتریش ئەم ژنە لەئەنجامی کێشەیەکی خێزانی کچێکی خۆیسووتاندووە، ئێستاش ئەم کچەی هەڕەشەی لێکراوەو براکەی دەیکوژێت، ئەوانیش لەسەنتەرەکەی ئەوان زیاتر شوێنێکی تر شك نابەن، سەرەنجام روناك فەرەج دەیگێڕێتەوە کە ئەوەی لەتوانای ئەواندا بووە تەنها داڵدەدانی ئەو دایكو کچە بووە بۆ ماوەی مانگێك دواتر ماڵەکە داوا دەکەن، بگەڕێنەوە بۆ ناو کەسوکاریان پاش ئەوەی (تعهد) یێکیان لێوەردەگیرێت و فەرەج بەداخەوە دەڵێت "پاش ٢٠ رۆژ پێمان گەشتەوە کە کوڕەکە هەستاوە، بەکوشتنی دایكو خوشکەکەی"، بۆیە ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە لەسەر حکومەت خانەیەکی تایبەتی لەو ناوچانە بکاتەوەو بەسەرپەرشتی حکومەت بێت و کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەنزیکەوە چاودێری ئەو ژنانە بکەن و رەچاوی گۆڕانکاریو بارە دەرونیەکانی ئەو حاڵەتانە بکەن.

